

# پڕۆگرام و
# پەیڕەوی ناوخۆی
## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم

مەڵبەندی دیراساتی گشتی - ناوەندی کاروباری یاسایی

**پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ**
**تایپ: گۆنا عەبدوڵڵا محەمەد**
**دیزاین: شۆڕش ئەحمەد**
**تـیـراژ: (١٠٠٠٠) هەزار دانە**
**نـۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤ سلێمانی**
**چاپ: چـاپخانـەی حەمدی**

# پێڕست

## پرۆگرام


دەستپێک ........ 7

## بەشی یەکەم

ناسنامە و روانین و سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........ 11

## بەشی دووەم

ئامانجە بنچینەییەکان ........ 13

## بەشی سێییەم

ئامانجە هەنووکەییەکان ........ 16

## بەشی چوارەم

سیاسەتی ئابووری وکارگێری ........ 19

## بەشی پێنجەم

سیاسەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ: ........ 21

## بەشی شەشەم

بەرپرسیارێتییە مۆڕالییەکان ........ 26

# پەیڕەو

پێشەکی: ........ 29

**بەشی یەکەم**

بنەما گشتییەکان ........ 33

**بەشی دووەم**

ئەندامێتی، سزادان و پاداشتکردن ........ 36

**بەشی سێیەم**

کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینیۆم، دیداری گشتی ........ 46

**بەشی چوارەم**

سومبولی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........ 55

**بەشی پێنجەم**

ئەنجومەنی سەرکردایەتی ........ 56

**بەشی شەشەم**

سەرۆک ........ 61

**بەشی حەوتەم**

مەکتەبی سیاسی ........ 68

**بەشی هەشتەم**

مەکتەبەکان ........ 72

**بەشی نۆیەم**

ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکیتی ........ 89

**بەشی دەیەم:**

ئەنجومەنی پشتیوانی یەکێتی ........ 93

**بەشی یانزەهەم**

حوکمە کۆتاییەکان ........ 95

# پرۆگرام

## دەستپێک

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی و وەڵامدانەوەی بانگەوازی درێژەپێدانی خەبات حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ لەسەر دەستی شکۆی نەتەوە، سەرۆک مام جەلال و هەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەر بە دیدو تێڕوانینێکی نوێوە هاتە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی سیاسییەوە. هەر پاش ساڵێک و لە ڕێکەوتی ١/٦/١٩٧٦و بەئامانجی بەدیهێنانی ویست و داخوازییەکانی گەلی کوردستان، لە سەختترین بارودۆخ و هەلومەرجدا مەشخەڵی شۆڕشی نوێی هەڵگیرساند. ئەوەتا تا ئەم کات و ساتەو بێوچان، ماوەی ٤٨ ساڵی بەردەوامە ئەم ڕەوتی تێکۆشانە بە خوێن و خەبات، دەستپێشخەری و قوربانیدان، بە بەرنامەی

ئامانجـدار و بەرچاوڕوونییـەوە، لەپێنـاوی بەدیهێنانـی مافـی چارەنووسـیی گەلـی کوردسـتاندا،بەئەمەکەوە لەپێشـەنگدایە.

یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لەگەڵ هەلومەرجی هەمیشـە گـۆڕاوی کوردسـتان و عیـراق و جیهانـدا، لـە سـەرجەم قۆناغەکانـی خەبـات و تێکۆشـاندا، گۆڕانـکاری دانایانـەی لـە بەرنامـە و ئامانجەکانـی خۆیـدا ئەنجامـداوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هێڵـی بنەڕەتـی خـۆی لەدەسـت نـەداوەو ڕێبـازی سـەرەکیی بریتیـی بـووە لـە گەشـەپێدانی هەسـتی کوردایەتـی، پیـرۆز ڕاگرتنـی بەهاکانـی کوردبـوون و کـوردەواری، بەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان، چەسپاندنی بنەماکانـی دیموکراسـی و دادی سیاسـی و دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی، تـا بەدیهێنانـی یەکجارەکـی مافـی چارەنـووس.

بـۆ ئێسـتا و بـۆ قۆناغـی لەمـەودواش، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە ڕێگـەی ئـۆرگان و دامەزراوەکانـی، نوێنەرەکانـی لـە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتـی عیراقـی فیـدراڵ، پەرلەمانـی کوردسـتان

و حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان، ئەنجومـــەن و ئیـــدارە خۆجێییەکانـــەوە، بەمتمانـــەی پتـــەوەوە بـــە ئەزموونـــی دەوڵەمەنـــدی ئەدەبیاتـــی فیکـــری و سیاســـیی دەیـــان ساڵەی خۆیـــی و پشـــت بەســـتوو بـە راسپاردەکانی دیـداری یەکێتـی وەک دیاردەیەکـی نـــاوازەی بەشـــداریی دیموکراســـی لەبنکـــەی فراوانـــی جەماوەرییـــەوە، خەبـــات دەکات بـــۆ بەدیهێنانـــی ئـــەو ئامانجانـــەی لـــەم پرۆگرامـــەدا ئاماژەیـــان بۆکـــراوە.

# بەشی یەکەم:

## ناسنامە و روانین و سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرجەم کوردستان و تەواوی عێراق و جیهاندا، حیزبێکی سۆشیال دیموکراتی کوردستانییە و ئەندامی سۆشیال ئینتەرناشنالّ (SI)ە، هەر بەو تێڕوانینە و لە سۆنگەی ئەوئایدیایەشەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیشدا، تێدەکۆشێت لەپێناوی بەدیهێنانی ئاشتی، دیموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین، پاراستن و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژیانێکی سەردەمیانەی دوور لە جیاکاری چینایەتی، نەتەوەیی، مەزهەبی و رەگەزیی. بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و رەخساندنی هەلومەرجی

هێنانەکایـەی ژینگەیەکـی پـاك و تەندرووسـت، ڕاگرتنـی هاوسـەنگی لەگەشـەپێدانی ئابووریـی شـار و دێهـات و سـەرجە م دەڤـەرەکان، چاندنـی تـۆوی پێکەوەژیانـی پێکهاتـە و تـەواوی چیـن و توێـژەکان لـە کوردسـتان و عیراقـدا.

## بەشی دووەم:

## ئامانجە بنچینەییەکان

یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان تێدەکۆشــێت لــە پێنــاوی:

١- ئاشــتی، دیموکراســی، مافــی مــرۆڤ، مافــی چــارەی خۆنووســین، دادپەروەریــی کۆمەڵایەتــی، ســەروەریی یاســا، مافــی هاوڵاتیبــوون، پێکــەوە ژیانــی گــەلان لەســەر بنەمــای رێزگرتــن لــە یەکــتر. هــاوکات دژی ســتەم و دیکتاتــۆری، جەنــگ، داگیرکاریــی، شــۆڤێنیزم و تیرۆریزمــە.

٢- پاراســتن و گەشــەپێدانی سیســتمی دیموکراتــی، فیدراڵــی و پەرلەمانــی لــە عیــراق.

٣-پابەندبــوون و پشــتیوانیکردن لە مافە دەســتوورییەکانی ســەرجەم پێکهاتــە نەتەوەیــی و ئایینــی و ئایینزاییەکانــی

کوردستان و عیراق.

٤- دەستەبەرکردنی پشتیوانیکردن لە چارەسەرکردنی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا.

٥- دارشتنی پرۆژەی دەستوورێکی شایستە بۆ هەرێمی کوردستان کە سەروەریی قەوارەی فیدراڵی کوردستان، بەچارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکانیش بپارێزێت و بخرێتە راپرسییەوە.

٦-پتەوکردنی دۆستایەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دیموکراسیخواز و نیشتمانییەکان، لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاو هاوبەشەکانی گەلی کوردستان لە عیراقدا.

٧-پابەندبوونی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدراڵ بەسەرجەم رێکەوتن و بەیاننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ، قەدەغەکردنی جەنگ و چەکی کۆمەڵکوژ، جینۆساید، تیرۆر و جیاکاری، بە هەموو جۆرەکانییەوە، پاراستنی ژینگە، دادپەروەری، سۆلیدارێتی و خەمە هاوبەشە مرۆییەکانی کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێکەوە گرێداوە. لەم چوارچێوەیەشدا بە جینیۆساید ناساندنی سەرجەم ئەو تاوانانەی کە دژی گەلەکەمان ئەنجام دراوە لە ئەنفال و کیمیاباران و

رەشــەکوژی بەدرێژایــی مێــژووی هاوچەرخــی دەوڵەتــی عیــراق و لــە مــاوەی هەڕەشــەی ڕێکخــراوی تیرۆریســتی داعــش و قەرەبووکردنــەوەی ماددیــی و مەعنــەوی زیــا ن پێکەوتــووان.

٨-وەک حزبێکــی سۆشــیال-دیموکرات بــاوەڕی تەواومــان بــە پرنســیپەکانی گەشــەپێدانی بــەردەوام (التنمیــة المســتدامة) هەیــە کــە تایبەتــە بــە نەهێشــتنی هەمــوو جۆرەکانــی هــەژاری و دابیــن کردنــی خوێنــدن و هەلــی خوێنــدن بــۆ هەمــوان و یەکســانی نێــوان ڕەگــەزی نێرومــێ و بەهێزکردنــی توانــای ژنــان و دابیــن کردنــی هەلــی کاری گونجــاو بــۆ هەمــوان و هاندانــی داهێنــان و دادگــەری کۆمەڵایەتــی و پاراســتنی ژینگــەو دامەزراندنــی دامــودەزگای حوکمڕانــی چــالاک و ســەرجەم ئامانجەکانــی نەتــەوە یەکگرتوەکانــی تایبــەت بــە گەشــەکردنی بــەردەوام کــە بەپرنســیپی (١٧) حەڤــدە خاڵەکــە نــاسراوە.

# بەشی سێیەم:
# ئامانجە هەنووکەییەکان

## یەکەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حکومڕانی لەهەرێمی کوردستان، لەڕێی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردستانیی هەڵبژێردراو، کارا، خاوەن بەرنامەی چاکسازی و شەفاف و بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمان بە پشت بەستن بەسەرجەم ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانی کە بودجەی گشتی لە پەرلەمان پەسەند بکات و ڕێوشوێنەکانی حکومەتێکی بەرپرس بەرامبەر نوێنەرانی گەل و دامەزراوەکانی چاودێری دارایی و دەست پاکی بگرێتەبەر، گەڵاڵەکردن و داڕشتنەوەو نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی ڕەسەنی کوردستان و چەسپاندنی

پرەنسیپی ڕەنگدانەوەی سازان بێت.

**دووەم: لەسەر ئاستی عیراق:**

چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لەسەر بنەمای دەستوور، سازان، لێکتێگەیشتن و هاوبەشیی و هاوسەنگیی لە حکومڕانیدا.

**سێیەم:** پتەوکردنی بنەماکانی حکومڕانی دروست، کە کاربکات لەسەر شەراکەتی ڕاستەقینە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پتەوکردنی ئازادی و سەربەستییە سیاسییەکان، مافەکانی ژنان و تواناداركردنی لاوان و نەوەکانی دوارِۆژ لە کۆمەڵێکی دیموکرات و مەدەنییدا، بەو جۆرەی دەستووری وڵات بنەماکەی دارِشتووە و جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپانە لە کوردستانیش، دوای ڕاپرسی لەسەر دەستوری گەلپەسەند.

**چوارەم: لەسەر ئاستی ناوچە جێناکۆکەکان:**

پێداگرییکردن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عیراق تایبەت بە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان،

خستنەگەڕی هەموو تواناکان لە هەموو ئاست و دامەزراوەکان، لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەی چارەنووسی قەوارە و سنووری دەستووری هەرێمی کوردستان ساغ دەکاتەوە و ڕێگە چارەیەکی دەستووریی و واقعییە بۆ یەکلایکردنەوەی پرسی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان، لە بەرەو پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق و پاراستنی پرەنسیبی پێکەوە ژیان و فرەیی کەلتوری و ئاینی و نەتەوەیی لە وڵاتدا، دابینکردنی هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی ژینگەی ئاساییکردنەوە و لابردنی جەور و ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی و جیاکاری هاووڵاتی بوون، دەپارێزن.

تەرخانکردنی ژمارەیەك کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان.

# بەشی چوارەم:
# سیاسەتی ئابووری و کارگێڕی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك حیزبێکی سۆشیال دیموکرات و دەربەستی ڕێگای گەشەپێدانی کوردستان و عیراق، کار دەکات بۆ:

**یەکەم:** ڕوانگەیەکی بەرپرسانەی بازاڕی ئازاد، دوور لە قۆرخکاری، لەپێناوی هەمەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات و گرتنەبەری سیاسەتێکی ژیرانە و دەربەستی سامانی نەوت و گاز کە گونجاو بێت لەگەڵ دەستووری عیراق و یاساکاندا کە دەرامەت و داهاتەکانی وڵات ڕێکدەخەن، بەپاراستنی پشك و بەشی کوردستان لە دەست ڕاگەیشتن بەهەموو فاکتەرەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

**دووەم**: گرتنەبـەری سیاسـەتێکی کارگێـڕی و دارایـی گونجـاو و ژیرانـە کـە ڕێگـە لـە بـەردەم ئـەم گەشـەپێدانە بکاتـەوە و راسـپاردنی نوێنەرایەتییەکانـی یەکێتـی لـە ئەنجومەنـە هەڵبژێـردراوەکان بـۆ پێشکەشـکردنی پـڕۆژە یاسـای گونجـاو لەگـەڵ فەلسـەفەی حکومرانـی و سیاسـەتەکانی یەکێتـی و کەمپیـن و رمیـن پەیداکـردن بـۆ پەسـەندکردنیان و بـەرکار بوونیـان.

**سێیەم**: هەوڵـدان بـۆ هێنانەکایـەی سیسـتەمی حوکمڕانیـی بـاش (الحکـم الرشـید) لەپێنـاوی پیشـەگەرێتی و پسـپۆڕییەتی و شـەفافییەت و دادپـەروەری و پیادەکردنی چاکسـازی کارگێـڕی.

**چوارەم**: دروسـتکردنی ژینگەیەکـی لەبـار بـۆ راکێشـانی وەبەرهێنانـی بیانـی و ناوخۆیـی و هەمەجۆرکردنـی کەرتـی ئابـووری لەڕوی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی و گەشـتیارییەوە.

## بەشی پێنجەم:
## سیاسەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ:

**یەکـەم**: پەرەپێدانـی فەرهەنگـی فرەیـی و دیموکراتـی و لێبوردەیـی و وەکیەکیـی نێـوان ژنـان و پیـاوان، لادێ و شارسـتان، ئایـن و ئاینـزاکان و وە کیەکیـی لـە دەرفـەت و هەلـی گەشـەی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی، بەگرتنەبـەری سیاسـەتێکی پەروەردەیـی و خوێندنـی پێشـکەوتنخواز و دیموکـرات کـە ڕەنگـدەرەوەی گەشـەی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی کـوردەواری بێـت. رێزگرتن لـە ئایینـداری میللی و ئیسـلامی کـوردەواری و پشـتیوانیکردن لـە گوتـاری ئاینیـی میانـڕەو و وەسـتانەوە بـەڕووی پەرگیریـی و توندڕەویـی و بیـری تەکفیریـی و تیـرۆردا.

**دووەم**: پەرەپێدانــی بوارەکانــی هونــەرە جوانــەکان،

هاندانــی دامــەزراوە ئەکادیمــی و فەرهەنگییــەکان لــە ڕێـی کلتـوری دەوڵەمەنـد و هەمەچەشـنی کوردییـەوە، بـە زمانــی کــوردی و زمانــی هەمــوو نەتــەوە و پێکهاتەکانــی کوردســتان و عیــڕاق.

**سێیەم**: تێکۆشـان لـە پێنـاوی دەسـتەبەرکردنی مافەکانی کرێـکار و فەراهەمکردنـی ژیانێکـی شایسـتەو شـکۆمەندانە بـۆ بەسـاڵاچووان و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان.

**چوارەم**: گرنگیـدان بـە هۆشـیاری تاکەکـەس لـە پێنـاوی ڕێگەگرتــن لــە توندوتیژیــی خێزانیــی و کارپێکردنــی منــداڵان و تۆخکردنــەوەی بەهاکانــی خێــزان، لــە ڕێگــەی کارکــردن لەســەر جێبەجێکردنــی تەندروســتی یاســاکانی بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیژیــی دژی خێــزان.

**پێنجـەم**: ڕەخســاندنی زەمینــەی لەبــارو گونجــاو بــۆ بەشــداریکردنی راســتەقینەی ژنــا ن لــە بــوار و بڕیــارە سیاســییەکانداو ڕەچاوکردنــی ڕێــژەو پێگــەی باڵانســی جێنــدەری لەنــاو ئــۆرگان و دامــەزراوەو پۆســتەکانی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتاندا.

**شەشـەم**: پێکهێنانــی کــۆڕ و کۆمەڵــە فەرهەنگییــەکان، هـاوکاری و هاندانیـان لـە خزمەتـی گشـتی و گەشـەپێدانی

چەشــەی فەرهەنگــی هونــەری بــاڵا، ڕەخســاندنی ســەکۆ و دامــەزراوەی ئەوتــۆ کــە خزمەتــی ئــەم کایــە داهێنەرانەیــە دەکــەن.

**حەوتــەم**: گەشــەپێدانی میدیــا و ســەکۆکانی، میدیــای نەریتــی و مۆدێــرن لەســەر بنەمــای ئــازادی رادەربڕیــن لــە چوارچێــوەی یاســا بەرکارەکانــدا.

**هەشتەم**: پەرەپێــدان و هاندانــی تەکنەلۆژیــای زانیــاری و پەیوەندییــەکان، هاندانــی کچــان و کوڕانــی کوردســتان بــۆ تواناســازی لــە بــواری تەکنەلۆژیــای پەیوەندییــەکان و خســتنەگەڕیان بــۆ فراوانکردنــی رایەڵــەی پەیوەنــدی بــە کەلتــور و فەرهەنگــی جیهانــی و ڕاگرتنــی هاوســەنگیی لــە نێــوان بنەمــا ڕەســەنەکان و دەرفەتەکانــی پێشــکەوتنی هەمــوو بــوارەکان.

**نۆیــەم**: دامەزرانــدنی ســندوقی پشــتیوانی بــۆ خوێنــکارە بەهرەمەنــدەکان.

**دەیــەم**: گەشــەپێدانی کایــەی خوێندنــی بــاڵا و زانســت بــە هەمــوو ڕەهەندەکانییــەوە و فراوانکردنــی تــەلاری زانســتی خوێندنــی بــاڵا و هاندانــی پێــوەر و پایــە زانســتی و ئەکادیمییــەکان و خســتنەگەڕیان و گونجانیــان لەگــەڵ

بــازاڕی کاردا و پێداویســتییەکانی کۆمەڵگــەی کوردســتانیی، هەوڵــدان بــۆ بەســتاندارکردنی خوێنــدن و بەدەســتهێنانی متمانــەی نێودەوڵەتیــی.

**یانزەیــەم:** گرنگیــدان بــە بــواری تواناســازی گەنجــان و توێــژی لاوان وەك روانگەیەکــی ســتراتیژی پەرەپێــدان و رەخســاندنی هەلــی کار، پەرەپێدانــی بەهــرەو تواناکانیــان. فراوانکردنــی رەوتــی چالاکــی وەرزشــی لــە کایــەی ئارەزوومەندانــە و لەشســاغی گشــتییەوە بــۆ پرۆفیشــناڵیی و پیشەســا زیــی وەرزشــیی و هانــدانی کەرتــی تایبــەت بــە ئاڕاســتەی وەبەرهێنــان لــە بــواری وەرزشــیدا.

# بەشی شەشەم:

## بەرپرسیارێتییە مۆڕاڵییەکان

لەرەوتی تێکۆشانی یەکێتی و شۆڕشی نوێدا، گیانبازی و قوربانییەکی زۆر دراوە، لە روانگەی وەفاداری و پێزانین و وەك بەشێك لەئەرك و بەرپرسیارێتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەرێی دامەزراوەکانی حکومەت لە هەموو ئاستەکانداو و دامەزراوە سۆلیدارێتییەکانی خۆیەوە تێدەکۆشێت بۆ:

**یەکەم:** دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدە نەمرو سەربەرزەکانی شۆڕش، قوربانییانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدی ئێزدییەکان و شەهیدانی دەستی تیرۆر. هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەو کارەساتانە و جێبەجێکردنی ئەم

بەرپرسیارێتییە بە پێی پێشینەیی (ئەولەویەت) و توانا و دەرفەتەکان.

**دووەم:** زیندوو راگرتنی ناو و یادەوەری شەهیدان و قوربانیانی گەلەکەمان بە شێوازی جۆراوجۆر. وەك وەفاداری و زیندوو هێشتنەوەی سامانی رۆحیی تێکۆشانیان.

**سێیەم:** بەردەوامبوون لە هەڵمەتی گەڕان و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان و ئێزدییەکان و هێنانەوەی روفاتەکانیان.

**چوارەم:** کارکردن بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران و ئێزیدییەکان.

**پێنجەم:** کارکردن بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدکردنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان.

**شەشەم:** جێبەجێکردنی مادەی(١٣٢)ی دەستوری عیراق لە هەرێمی کوردستان.

**حەوتەم:** کردنەوەی یادگە و مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و جینۆسایدی ئێزدییەکان.

# پەیڕەو

## پێشەکی:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک هێزێکی سۆشیال دیموکرات، لەسەر ڕێبازی (شکۆی نەتەوەیەک)، کۆڵەکەی پۆڵایینی کوردستان و عێراق جەنابی سەرۆک مام جەلال ڕێگەی خەباتی گرتەبەر. بەو پێیەش دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)، هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ و ڕابەرایەتیکردنی هەتا ئێستاش، بووە پێشەنگ و شاسواری مەیدانی تێکۆشان و پلان و بەرنامەی وڵاتدۆستی، نەتەوەدۆستی، مرۆڤدۆستی و پارێزگاریکردن لە مافەکانی و کارکردن بۆ هێنانەدیی داهاتوویەکی پرشنگداری بۆ هەموو پێکهاتەکان دارشت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە

سەرەتاوە تا دەگاتە سەر لە نوێ پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عیراق، کاری کردووە بۆ گۆڕینی لە نمونەیەکی تاکڕەوی و ڕەگەزپەرستیەوە بۆ وڵاتێکی دیموکراسی و فرەیی لە سەرجەم کایە جیاجیاکاندا، هەروەها لەڕێگەی سەرکردایەتیکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازیدا بەرزترین پێگەی بۆ کورد و دیموکراسییەت لە دەوڵەتی عیراقی نوێدا مسۆگەرو دەستەبەر کرد.

راستییەکی حاشاهەڵنەگریشە سەرۆک مام جەلال قورساییەکەی زیاتری بەخشییە پۆستی سەرۆک کۆمار، ماندونەناسانە کارێکی وەهایکرد بۆچوونە جیاوازەکان لەسەرجەم عیراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە یەکتر قبوڵبکەن. لە پێناوی دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و پاراستنی شکۆی مرۆڤی عیراقییدا، تۆوی پێکەوەژیانی ئاشتییانەو کاری بە کۆمەڵ و هاوبەشی لە عیراقدا چاند، ئەوانەش هەموویان بوونە رێبازی جێگیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوەو وەک پێزانین و بەرزراگرتنی

هـەوڵ و ماندوبوونـی گرانبەهـاو بۆچوونـە پتەوەکانـی، لەبەرزترین ئاستی سیاسی و ئاینییەوە نازناوی (صمام الامان)ی وەرگرت.

ئێمەش وەک هەڤاڵانی سەرۆک مام جەلال لە شۆڕش و لە شار، لە سۆنگەی باوەڕی ریشەبەستومانەوە بەڕێبازی نیشتمانی و مرۆڤایەتی هەڵقوڵاوی رێچکەی نیشتمان پەروەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکەکەی، کارمان کرد بۆ درێژەپێدانی رێبازەکەی مام، بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتییەکەمان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و بەهێزترکردنی ریزەکانی، هەربۆیە هەنگاومان بەرەو بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب هەڵگرت، کۆنگرەیەک سەرجەم بەها دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دێربەدێری پەیڕەوەکەیدا بەرجەستە ببێت.

# بەشی یەکەم:

## بنەما گشتییەکان

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** ناو: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کورتکراوەکەی (ی.ن.ك)ـە.

**دووەم:** سنوری کار و خەباتی(ی.ن.ک) بریتییە لە: هەرێمی کوردستان-عێراق، ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان و ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵ و دەرەوەی ولات.

**سێیەم:** بارەگای سەرەکی لە پارێزگای هەولێر (پایتەختی هەرێمی کوردستان) دەبێت، بارەگا لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق بە پێی پێویست دەکاتەوە.

## ماددەی (٢):

**یەکـەم:** یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان حیزبێکــی سۆشــیال دیموکراتــە، تێدەکۆشــێت بــۆ حوکمرانییەکــی دروســت و خەبات بۆ ســەقامگیرکردنی ئاشـتی و بەدیهێنانی دادپــەروەری کۆمەڵایەتــی، دیموکراســی، هاوڵاتیبــوون، مافـی مـرۆڤ، مافـی چـارەی خۆنوسـین دەكات. بـڕوای بـە بنەمـای یەکسـانی و پێکـەوە ژیـان هەیـە، و دژی جیـاکاری ڕەگــەزی و ئاینــی نەتەوەییــە.

**دووەم:** دروشم، ئارم، سرود و ئاڵا پێکدێن لە:

أ)دروشـم: ئاشـتی، دیموکراسـی، مافـی مـرۆڤ و چـارەی خۆنوسین.

ب)ئـارم: دەسـتێك گوڵـی لالـە (مێلاقـە) و چڵـە زەیتـون و گوڵـە گەنمێکـی بەرزکردۆتـەوە.

ج)سرود: سرودی مەشخەڵان، سرودی فەرمی (ی.ن.ك)ـە.

د)ئـاڵا: ئــاڵای (ی.ن.ک) ڕەنگــی ســەوز دەبێــت و ئارمەکــەش لــە ناوەڕاســتیدا دەبێــت.

**ماددەی (٣):**

پەیــڕەوی ناوخــۆ: دەســتوری کاری ڕێکخراوەیــی (ی.ن.ك)ە، ئەنـدام و ئۆرگانـەکان لـە هـەر پلـە و ئاسـتێکدا بــن دەبێــت پێــوەی پابەندبــن.

**ماددەی (٤):**

یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان خــاوەن کەســایەتی یاســایی مەعنەوییــە.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم**: کۆبوونـەوەی ئۆرگانەکانـی (ی.ن.ک) بەئامادەبوونی زۆرینـەی رەهـای کـۆی ئەندامـان ڕێـژەی یاسـایی وەردەگرێت.

**دووەم**: جگـە لـەو مادانـەی دەنگـدان تێیانـدا بەدەقێکـی دیاریکـراو و ڕێژەیەکـی جیـاواز دیاریکـراوە، لـە ئۆرگانەکانی (ی.ن.ک) دا دەنگـدان بـە زۆرینـەی (٥٠+١)ی دەنگـدەران یەکلایــی دەکرێتەوە.

# بەشی دووەم:
# ئەندامێتی، سزادان و پاداشتکردن

## ئەندامێتی:

### ماددەی (٦):

هـەر هاوڵاتییەکـی کوردسـتان و ناوچـە جێناکۆکـەکان و ناوچەکانـی تـری کۆمـاری عیراقـی فیـدراڵ و دەرەوەی وڵات، بـاوەڕی بـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆی (ی.ن.ک) هەبێـت و مەرجەکانـی ئەندامێتـی تێدابێـت، دەتوانێـت ببێتـە ئەنـدام.

## مەرجەکانی ئەندامێتی:

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** مەرجە ئەندام:

١.تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

٢.پەیوەندیی بە هیچ لایەنێکی سیاسی ترەوە لە هەرێمی کوردستان و عیراق نەبێت.

٣. لە هیچ دۆسییەیەکی خیانەتکاری و گەندەڵییەوە تێوە نەگلابێت و لەسەر هیچ تاوانێکی ئابڕووبەر بە شەرەف حوکم نەدرابێت.

٤. لە ئۆرگانێکی (ی.ن.ک)دا چالاکی بنوێنێت.

٥- ئابوونەی ئەندامێتی بدات.

**دووەم:** خوێندکاران و لاوان لە تەمەنی (١٦) ساڵییەوە وەک لایەنگر وەردەگیرێن.

**سێیەم:** ئەندامێتی لە ڕێگای داواکارییەکەوە دەبێت.

**چوارەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕێسایەکی تایبەت بە بڕو چۆنیەتی وەرگرتنی ئابونە دەردەکات.

## ئەرکەکانی ئەندام:

**ماددەی (٨):**

**ئەندام پێویستە:**

**یەکـەم:** دڵسـۆزانە بـۆ جێبەجێکردنـی ئامانجەکانـی (ی.ن.ک) تێبکۆشـێت.

**دووەم:** یەکێتی ناو (ی.ن.ک) بپارێزێت.

**سـێیەم:** هەوڵـی گەشـەپێدانی ئاسـتی هۆشـیاری، سیاسـی و نەتەوەیـی خـۆی و هەڤاڵەکانـی بـدات.

**چوارەم:** نهێنییەکانی (ی.ن.ک) بپارێزێت و راستییەکانی لـێ نەشـارێتەوە، لێـدوان (چ بـە نهێنـی یـان ئاشـکرا) دژ بەسیاسـەت و سـتراتیژی (ی.ن.ک) لـە هیـچ هەلومـەرج و بارودۆخێکـدا نـەدات.

**پێنجـەم:** داکۆکـی لەبەرنامـە و سیاسـەتی (ی.ن.ک) و سـەرووەرییەکانی بـکات.

**شەشـەم:** بەرژەوەندیـی (ی.ن.ک) بخاتـە سـەرووی بەرژەوەنـدی خـۆی و بەرژەوەنـدی گـەل و نیشـتمان لەسـەرووی هەمـوو بەرژەوەندییەکانـەوە رابگرێـت.

**حەوتــەم:** لــە هەڵمەتــی هەڵبژاردنــە گشــتیی و کەمپینەکانیــدا بەشــداری بــکات و کار بکات بۆ سەرخســتنی لیســت و کاندیدانــی (ی.ن.ک).

**هەشــتەم:** هەولبــدات دۆســت و لایەنگــر و ئەنــدام بــۆ (ی.ن.ک) پەیــدا بــکات.

## مافەکانی ئەندام:

### ماددەی (٩):

**یەکەم:**

١.مافــی هەیــە لەچوارچێــوەی پەیــڕەوی ناوخــۆدا خــۆی بــۆ ئــۆرگان، پۆســتەکانی پشــکی (ی.ن.ک) لەدەوڵــەت، بەگوێــرەی ئــەو مــەرج و پێوەرانــەی بــۆ پۆســتەکە دیــاری دەکرێــن بپاڵێوێــت.

٢.مافــی پرســیار و پێشــنیاز و رادەربڕیــن و رەخنەگرتــن لــە چوارچێــوەی (ی.ن.ک) بــۆ هەمــوو ئەندامــان لەهــەر بابەتێکــی سیاســی و رێکخراوەیــی و دارایــی لــە نــاو ئۆرگانەکانــی خۆیانــدا پارێــزراوە.

**دووەم:** لەکاتــی لێپرســینەوە لەنــاو (ی.ن.ک)دا، مافــی

بەرگـری لەخۆکردنـی لـە ناوەنـدی کاروبـاری یاسـایی دەبێـت.

**سێیەم:** لـە ئەنجامـی کارو چالاکـی و لەکاتـی نەخۆشـی و ڕووبەڕووبونـەوەی کێشـە و بەرکەوتنـی زیانـدا لەسـەر (ی.ن.ک)، قەرەبـوو بکرێتـەوە و مافـی پارێزراوبێـت.

**چوارەم:** بەپێـی ڕێسـایەکی تایبـەت بـە پاداشـت، کـە لەلایـەن ناوەنـدی کاروبـاری یاسـاییەوە ئامـادە دەکرێـت و لـە ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی پەسـەند دەکرێـت، ئەندامـان و کادرانـی (ی.ن.ک) دوای هەڵسـەنگاندن و بەگوێـرەی چالاکییـان لـە سـەرجەم ئۆرگانەکانـدا، لـە ڕووەکانـی مـاددی و مەعنەوییـەوە پاداشـت دەکرێـن.

## لەدەستدانی ئەندامێتی:

**ماددەی (١٠):**

ئەندام، ئەندامێتی لە دەست دەدات بەهۆی:

**یەکـەم:** ناپاکـی (سیاسـی، نیشـتمانی، نەتەوەیـی و حیزبـی).

**دووەم:** کار بـۆ پارتەکانـی تـر بـکات، یـان لـە کاتـی

هەڵبژاردنــە گشــتییەکاندا دژ بــە پاڵێوراوانــی یەکێتــی کار بــکات.

**سێیەم:** دەرکردن یان وازهێنان.

**چوارەم:** لــە دەســتدانی هــەر یەکێــک لــە مەرجەکانــی ئەندامێتــی، کــە لــە مــاددەی (٧) دا هاتــووە.

## سزادان:

### ماددەی (١١):

**یەکەم:** جۆرەکانــی ســزاکان بریتیــن لــە: سەرنجڕاکێشــان، ئاگادارکردنــەوە، هەڵپەســاردن، داگرتنــی پلــەی حیزبــی و دەرکــردن.

**دووەم:** هــەر ئەندامێــک لەجێبەجێکردنــی ئەرکەکانــی سەرشــانیدا کەمتەرخەمــی نوانــد، یــان دەســتەگەری و گێرەشــێوێنی ئەنجامــدا، یــان گوفتــار و کــرداری بــووە مایەی تێکدانــی پەیوەندییەکانــی نێــوان (ی.ن.ک) و جەماوەرەکەی یــان حیــزب و لایەنەکانــی تــر یــان بەرژەوەندییەکانــی گــەل و نیشــتمانی خســتە مەترســییەوە. بــە ئەنــدازە و جــۆری کەمتەرخەمــی و ســەرپێچیەکەی، بــەم شــێوەیەی خــوارەوە

سـزا دەدرێـت:

١.سەرنجڕاکێشـان: سـزایەکە بـە نوسراوێکـی فەرمـی لەلایـەن ئۆرگانی سـەرووتر ئاراسـتەی ئەندامی سـەرپێچیکار دەکرێـت، تیایـدا سـەرنجی بـۆ سـەرپێچییەکە رادەکێشرێـت و هـۆکاری سزاکەشـی تیـادا روندەکرێتـەوە.

٢.ئاگادارکردنـەوە: سـزاکە بـە نوسراوێکـی فەرمـی ئاراسـتەی ئەندامـی سـەرپێچیکار دەکرێـت، تیایـدا جـۆری سـەرپێچییەکەی رووندەکرێتـەوە و هـۆکاری سزاکەشـی دیاریدەکرێـت. ئۆرگانەکـەی دەتوانێـت بەپێـی رێکارەکانـی ئـەم بڕگەیـە کارڕاییەکانـی سـزاکە جێبەجـێ بـکات.

٣.هەڵپەسـاردن: ئـەم سـزایە ئۆرگانـی پەیوەندیـدار دەریـدەکات بەپێـی ریزبەنـدی ئۆرگانیـی بـۆ مـاوەی:

ا- سێ مانگ.

ب- شەش مانگ.

ج- ساڵێک.

د- تا گۆنگرە.

هـەر ئەندامێکـی (ی.ن.ک) هـەر پلـەو پۆسـتێکی حیزبـی یـان بـە هـۆی (ی.ن.ک)ەوە پۆسـتی حوکمـی یـان پەرلەمانـی هەبێـت، ئەگـەر راسـتەوخۆ خـۆی یـان

پێگەکەی بۆ توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەکار بهێنێت دوای سەلماندن و خستنەروی بەڵگەکان ئەم سزای هەڵپەساردنەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

٤.پلەداگرتن: مەکتەبی سیاسی لە کاتی بەردەوامبوونی ئەندام لە ئەنجامدانی پێشێلکاریی تر بۆ زیاتر لە سێ (٣) جار، یان ئەو پێشێلکارییانەی بەهۆیەوە سزادراوە، واتە ئاگادارکردنەوە، سەرنجراکێشان و هەڵپەساردنی وەرگرتبێت، بەپێی قەبارەی پێشێلکارییەکەی، پلەکەی دادەگرێت.

٥.دەرکردن: ئەندام لەهەر پلەیەکی حیزبی و ڕێکخراوەییدا بێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەردەکرێت:

أ.کار بکات دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان.

ب.کار دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ک) بکات و هەوڵی تێکدانی ریزەکانی بدات.

ج.پێگە حزبییەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە کا ر بهێنێت .

د.بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی

بەرژەوەندییەکانــی(ی.ن.ک)ەوە.

ه.نهێنییەکانـی (ی.ن.ک) لە سۆشـیال میدیـاو کەناڵەکانی راگەیانــدن و هەرشــوێنێکی تــردا بدرکێنێــت کــە زیــان بــە بەرژەوەندییـە باڵاکانـی (ی.ن.ک) بگەیەنێـت.

و.کار دژ بـە پاڵێـوراوان و بەرنامـەی (ی.ن.ک) لـە کاتـی هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردنـدا بـکات.

ز.هــەر ئەندامێــک لەهــەر پلەیەکــدا بێــت تاوانێکــی بــە ئەنقەســت یــان ئابڕوبــەر بــە شــەرەفی ئەنجامدابێــت و بەهۆیـەوە لـە دادگایەکـی تایبەتمەنـد بڕیارێکـی حوکمـی کۆتایــی دەرهــەق دەرکرابێــت.

**سێیەم:** هـەر ئەندامێـک پلەیەکـی حیزبـی هەبووبێـت و فەرمانـی دەرکردنـی بـۆ دەرچووبێـت، دوای وەرگرتنەوەی بــە ئەنــدام، دەبێــت ســەرجەم پلەکانــی رێکخســتن لــە ســەرەتاوە ببڕێتــەوە.

**چـوارەم:** ســەرجەم ئــەو ســزایانەی لــەم ماددەیــەدا ئاماژەیــان پێــدراوە هەمــوو ئۆرگانــەکان دەگرنــەوە و بەپێــی ریزبەنــدی ئۆرگانــی لیژنــەی لێکۆڵینەوەیــان بــۆ پێکدەهێنرێــت.

**پێنجـەم:** بەرێسـایەك کـە لەلایـەن ناوەنـدی کاروبـاری

یاسـاییەوە ئامـادە دەکرێـت و ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی پەسـەندی دەکات، رێکارەکانـی رێکخسـتنی ئـەم مادەیـە دەستنیشـان دەکرێت.

**ماددەی (١٢):**

سـکاڵاکار دوای(٤٨) کاتژمێـر لـە دەرچونـی بڕیـاری سـزادان مافـی تانەلێدانـی سـتەمداری لەبـەردەم ناوەنـدی کاروبـاری یاسـاییدا هەیـە و دوای پێدانـی پاسـاوە یاسـاییەکان لەلایـەن ناوەنـدی کاروبـاری یاسـاییەوە. بڕیارەکـە یەکلادەکرێتـەوە.

## بەشی سێیەم:

## کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینیۆم، دیداری گشتی

**ماددەی (١٣):**

کۆنگـــرە باڵاتریــن دەســەڵاتە، هەمــوو چــوار ســاڵ جارێـك دەبەسترێت. نابێـت مـاوەی نێـوان دوو کۆنگـرە لـە چــوار (٤) ســاڵ زیاتــر تێپــەڕ بــکات.

**ماددەی (١٤):**

لــە هیــچ بارێکــدا، کــۆی گشــتی ئەندامانــی کۆنگــرە نابێــت لــە (٦٠٠) شــەش ســەد ئەنــدام تێپــەڕ بــکات.

ئەندامانی کۆنگرە پێکدێن لە:

**یەکەم:** ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر.

**دووەم:** پێشــمەرگەکانی ســاڵی (١٩٧٦)، ئەوانــەی تــا

ئێستا بەردەوامن لەخەبات لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا.

**سێیەم:** ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پشتیوانی.

**چوارەم:** جگە لە بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) تەواوی ئەندامانی کۆنگرە بە هەڵبژاردن دەبن، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بەرکەوتەی ئەندامانی کۆنگرە لەسنوری مەکتەبەکان و ئۆرگانەکانی تر دیاری دەکات و پاش رەزامەندی سەرۆکی یەکێتی، مەکتەبی سیاسی پەسەندی دەکات.

**پێنجەم:** سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ راگرتنی هاوسەنگی بەشداری پێکهاتەکان و گەنجان و ژنان و سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان دەسەڵاتی دانانی سەد (١٠٠) هەڤاڵی وەك ئەندامی کۆنگرە دەبێت.

## ماددەی (١٥):

**یەکەم:** کۆمسیۆنێك بەناوی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە بڕیاری سەرۆکی یەکێتی لەسەر بنەمای پەیڕەوی ناوخۆ پێکدەهێندرێت.

**دووەم**: سـەرۆکی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پـاش ڕەزامەنـدی مەکتەبـی سیاسـی، ڕۆژی بەسـتنی کۆنگـرە دیاریـدەکات.

**سێیەم**: سـێ (٣) مانـگ پێـش کۆنگـرە، کۆمسـیۆنی بـاڵای ئامـادەکار بـە ئەندامێتـی مەکتەبـی هەڵبـژاردن و مەکتەبـی ڕێکخسـتن و ناوەنـدی کاروبـاری یاسـایی و مەڵبەنـدی دیراسـاتی گشـتی و لایەنـی پەیوەندیـدار ڕێـژەو ڕێـکار و سـەرجەم ئامادەکارییـەکان و میکانیزمەکانی پەیوەسـت بـە کۆنگـرە ئامـادە دەکات و لەلایـەن مەکتەبـی سیاسـییەوە پـاش ڕەزامەنـدی سـەرۆکی یەکێتـی، پەسـەند دەکرێـت.

**چوارەم**: کۆنگـرە بـە ئامادەبوونـی (٣/٢)ی ئەندامانـی ڕەوایـی بەسـتن وەردەگرێـت.

## ماددەی (١٦):

**یەکەم**: کۆمسـیۆنی بـاڵای ئامـادەکاری کۆنگـرە تۆمـاری سـەرەتایی ئەندامانـی کۆنگـرە ئامـادە دەکات.

**دووەم**: دوای بڵاوبونـەوەی تۆمـاری سـەرەتایی ئەندامانی کۆنگـرە، هـەر ئەندامێکـی (ی.ن.ك) تانـەی لەتۆمـاری

سـەرەتایی ئەندامانـی کۆنگـرە هەبـوو، لـە مـاوەی (٣) ڕۆژدا پێشکەشـی دەکات.

**سێیەم:** تانـەکان ئاڕاسـتەی کۆمسـیۆنی بـاڵای کۆنگـرەو ناوەنـدی کاروبـاری یاسـایی یەکێتـی وەك ئەندامـی کۆمسـیۆنی بـاڵا دەکرێـن، کـە لە مـاوەی (٢) ڕۆژدا پێویسـتە بڕیاریـان لێبـدات و بڕیارەکـە یەکلاکـەرەوە دەبێـت.

## ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:

### ماددەی (١٧):

**یەکەم:** ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:

أ)هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی.

ب)هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

ج)هەڵسـەنگاندن و پەسـندکردنی راپۆرتـی گشـتی سـەرۆک و هەڵسـەنگاندنی سیاسـەتی (ی.ن.ك) لـە نێـوان دوو کۆنگـرەداو بڕیـاردان لەسـەر سیاسـەتی نـوێ بـۆ چەسـپاندنی ڕێبـازی (ی.ن.ك) و هەڵسـەنگاندنی سیاسـەتە پیادەکـراوەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان و کۆمـاری عیراقـی

فیـدراڵ و جیهـان بـە زۆرینـەی سـادەی دەنگـی ئەندامانـی ئامادەبــووان.

د)پەسـندکردنی راپـۆرت و بڕیـاردان لـە کۆنگـرەدا بـە زۆرینـەی سـادەی دەنگـی ئەندامانـی ئامادەبـوو دەبێـت.

ه)تاوتوێکردنـی ئـەو پـرس و بابەتانـەی، کـە کۆنگـرە بـە پێویسـتی دەزانێـت بڕیاریـان لەسـەر بدات.

و)رادەسـتکردنی سـەرجەم بەڵگەنامـە و تۆمارەکانـی کۆنگـرە لەلایـەن لیژنـەی سەرپەرشـتیارەوە بـۆ ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی هەڵبژێـردراو.

**دووەم:** پەسەند کردنی پەیڕەو پرۆگرام.

**سێیەم:** دەرکردنـی راگەیاندنـی کۆتایـی کۆنگـرە لـە لایـەن ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردراو.

## کۆنگرەی نائاسایی:

### ماددەی (١٨):

**یەکەم:** کۆنگـرەی نائاسـایی لـەو کاتـەدا دەبەسـترێت، کـە قەیرانێـك، یـان رووداوێکـی گرنـگ دێتـە پێشـەوە، کـە کاریگەری لەسـەر ئاینـدەی گەلـی کوردسـتان و (ی.ن.ک) هەبێـت.

**دووەم:** لەسـەر داوای سـەرۆك یـان (٤/٣) ی ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی، کۆنگـرەی نائاسـایی دەبەسـترێت.

**سێیەم:** کاتـی بەسـتنی کۆنگـرەی نائاسـایی لانیکـەم پێـش ١٥ رۆژ لـە بەسـتنی دیـاری دەکرێـت.

**چوارەم:** کۆنگـرەی نائاسـایی هەمـان دەسـەڵاتەکانی کۆنگـرەی ئاسـایی هەیـە.

**پێنجەم:** ئەندامانـی سـەرکردایەتی و ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی و ئەندامانـی ئەنجومەنـی پشـتیوانی و بەرپرسـی مەکتـەب و مەڵبەنـدەکان و ئەنـدام مەکتەبـەکان و جێگرانـی مەڵبەنـد دەبنـەوە ئەندامـی کۆنگـرەی نائاسـایی.

## پلینیوم:

### ماددەی (١٩):

**یەکەم:** لەسـەر داوای سـەرۆك یـان بـە بڕیـاری (٢/٣)ی ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی پلینیۆم دەبەسـترێت.

**دووەم:** بەشـدارانی پلینیـۆم پێکدێـن لـە دەسـتەی

دامەزرێنــەر، پێشــمەرگەکانی (١٩٧٦)، ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی، ئەندامانــی ئەنجومەنــی پاراســتنی بەرژەوەندییــە باڵاکانــی یەکێتــی، ئەندامانــی ئەنجومەنــی پشــتیوانی، ئەندامانــی مەکتــەب، جێگرانــی مەڵبەنــد و ســکرتێری ڕێکخراوەکانــی (خوێنــدکاران، لاوان، ژنــان).

**سێیەم**: ئەرکەکانی پلینیۆم:

أ)پێداچونەوە بە کاروبارەکانی (ی.ن.ک)دا.

ب)وەرگرتنی بیروڕای زۆربەی ئەندامان.

ج)دەتوانێــت (٤/١)ی ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی بگۆڕێــت بەپێــی ئــەو ڕێکارانــەی لــە نــاو پلینیــۆم پەســەند دەکرێــن.

**چـوارەم**: لەکاتــی نەبەســتنی کۆنگــرە لەبــەر هــەر هۆکارێــک بێــت، پلینیــۆم تەنهــا بــۆ (١) یــەك جــار دەتوانێـت وادەی بەسـتنی کۆنگـرە دوابخـات و کۆمسـیۆنی بـاڵای ئامـادەکاری کۆنگـرە پێـک دەهێنێـت و تێیـدا کاتـی کۆنگــرەی داهاتــوو دیاریــدەکات.

## دیداری گشتی یەکێتی:

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم:** یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەموو ساڵێک بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ئاراستەکردن دیداری گشتی ئەنجام دەدات، کە مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال ڕێکیدەخات. ئەم دیدارە و دەرئەنجامەکانی تەواوکەری کارەکانی کۆنگرەی یەکێتییە.

**دووەم:** ئامانجی ئەم دیدارە بریتیە لە دارشتن و هەڵسەنگاندنی هێڵە گشتییەکانی ستراتیج و بەرنامەی کاری سیاسی (ی.ن.ک) و سەرجەم مەکتەب و دامودەزگاکانی و خستنەروی پرۆژەو پێشنیازەکان بەمەبەستی بەرجەستەکردنیان بەشێوەیەکی کردەیی لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و سەرۆکەوە.

**سێیەم:** کارو چالاکی و پرۆژەی سەرجەم ئۆرگانەکان لەم دیدارەدا بە راپۆرتێک پێشکەش دەکرێت.

**چوارەم:** لیژنەیەکی مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆك

مـام جـەلال كات و شـوێن و بەشـداربوانی دیـداری گشـتی دیاریـدەكات.

**پێنجـەم:** پـاش تـەواو بونـی دیدارەكـەو پێشـكەش كردنـی راپۆرتەكـەی بـۆ سـەرۆكی یەكێتـی و مەكتەبـی سیاسـی، مەكتەبـی سیاسـی لیژنەیـەك بـۆ هەڵسـەنگاندنی راپـۆرت و راسـپاردە و دەرئەنجامەكانـی پێكدێنێـت و بڕیـاری پێویسـتی دەربـارەی دەردەكات.

## بەشی چوارەم:
## سومبولی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**ماددەی (٢١):**

وەك پێزانیـن بـۆ ماندوبـون و لـە پێنـاوی بەرزڕاگرتنـی ڕۆڵـی سـەروەری و مێژوویـی هـەردوو هەڤـاڵ (کـۆسرەت ڕەسـوڵ عەلـی) هەڤـاڵ (هێـرۆ ئیبراهیـم ئەحمـەد) وەك سـومبولی بـاڵای یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەمێننـەوە، کـە لـە ئێسـتاو رابوردووشـدا کۆڵەکـەی پتـەوی خەبـات و تێکۆشـانی بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی گەلـی کوردسـتانن.

# بەشی پێنجەم:
# ئەنجومەنی سەرکردایەتی

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکدێت لە (٦١) شەست و یەک هەڤاڵ (بە سەرۆکی یەکێتییەوە)، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئازاد و نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر بنچینەی کارامەیی و دڵسۆزی و چالاکی و شارەزایی، و بەرەچاوکردنی دابەشبوونی جوگرافیا بە گوێرەی مەرجە بڕیار لێدراوەکان دەبێت.

**سێیەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆنگرە، لەسەر بنەمای لیستی داخراو دەبێت، ئەو لیستەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا سەرجەم کورسییەکان

دەباتــەوە. ئەگــەر تەنهــا یــەك لیســت هەبــوو بــە دەنگدانــی ئاشــکرا دەنگــی پێدەدرێــت.

**چـوارەم:** دوای کۆنگــرە ســەرۆکی یەکێتــی بانگهێشــتی ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی دەکات بــۆ کۆبونــەوە.

**پێنجـەم:** لــە کاتــی بەتاڵبونــی شــوێنی ئەندامێکــی ســەرکردایەتی بەهــەر هۆیــەك بێــت، ســەرۆك دەتوانێــت ئەندامــی ســەرکردایەتی بــۆ شــوێنە بەتاڵەکــە دیــاری بــکات و لــە مەکتەبــی سیاســی پەســەند دەکرێــت.

**شەشـەم:** ژمارەیــەک کورســی ســەرکردایەتی بەپێــی پێویســت تەرخــان دەکرێــن بــۆ کەســایەتی سیاســی و حکومــی و حیزبــی، هەروەهــا بــۆ ئــەو کــەس و لایەنانــەی بەپێــی رێککەوتــن دێنــەوە و لــە نــاو یەکێتــی بەردەوامــی بــە خەباتیــان دەدەن. پــاش دیاریکردنــی کەســەکان و رەزامەنــدی ســەرۆك، مەکتەبــی سیاســی پەســەندی دەکات.

## مەرجەکانی ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:

**ماددەی (٢٣):**

**مەرجەکانی ئەندامێتی بریتین لە:**

**یەکەم:** تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** لە ئاستێکی هۆشیاری و سیاسی باشدا بێت.

**سێیەم:** لانیکەم (١٠) ساڵ کاری لە ئۆرگانەکاندا کردبێت.

**چوارەم:** پلەی رێکخراوەیی لە کارگێڕی مەڵبەند و هاوتاکانی کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** لانیکەم دەرچووی ئامادەیی بێت، جگە لە پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، کەم ئەندامانی سەنگەر، رێکخستنە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی.

**شەشەم:** پەرلەمانتارو وەزیر و بریکاری وەزیر لە کۆنگرە مافی خۆکاندیکردنیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نیە.

**حەوتەم:** مەرجەکانی تری ئەندامێتی تێدابێت، کە لە ماددەی (٧)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتوون.

## ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:

**ماددەی (٢٤):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١.بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرە و سەرچاوەی بڕیارە لە پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا.

٢.بەرپرسە لە بەدواداچوونی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرە.

٣.دارشتنی سیاسەتی گشتی (ی.ن.ک) لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

**دووەم:** دانیشتنەکانی ئەنجومەن:

١-رێژەی یاسایی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبونی (٥٠٪+١)ی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت.

٢-ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەر (٦٠) رۆژ جارێک کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات.

٣-لەسەر داوای سەرۆك یان (٢١) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ هەر پرسێکی لە ناکاو و چارەنوسساز کۆبونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدرێت.

**سێیەم:** پەیـڕەوی کاری ناوخۆیـی بـۆ خـۆی دادەنێـت، بەمەرجێـك ناکـۆک نەبێـت لەگـەڵ ئـەم پەیـڕەوەدا.

**چـوارەم:** ئـەو ڕێککەوتنـە گرنگانـەی پەیوەندییـان بـە پرسـە چارەنوسسـازەکان و بەرژەوەنـدی بـاڵای (ی.ن.ك) و هاوپەیمانێتـی هەڵبژاردنـەوە هەیـە، پـاش پەسـندکردنیان لەلایـەن (٣/٢)ی ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیەوە، سـەرۆک واژۆیـان دەکات.

**پێنجەم:** دەسـت لەکارکێشـانەوەی سـەرۆک بـە زۆرینـەی (٣\٢)ی دەنگـی ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی پەسـند دەکرێـت.

**شەشـەم:** لەئەگـەری دەسـت لەکارکێشـانەوەی سـەرۆک، مەکتەبـی سیاسـی لەنێـو ئەندامانـی خـۆی بەشـێوەیەکی کاتـی سـەرۆکێك بـۆ یەکێتـی دیاریـدەکات.

## ماددەی (٢٥):

هـەر ئەندامێکـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی لەچوارچێوەی پەیـڕەوی کاری ئەنجومەنـدا ئـازادی تـەواوی ڕادەربڕینـی هەیە، لـە سـۆنگەی ڕاو بۆچوونەکانییـەوە هیـچ لێپرسراویەتیەکـی لـە نـاو کۆبونـەوەی ئەنجومەنـدا ناکەوێتـە سـەر شـان.

# بەشی شەشەم:
# سەرۆك

## مەرج و ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆک:

### ماددەی (٢٦):

**یەکـەم:** سـەرۆک، ڕاگـری یەکدەنگـی و یەکڕیـزی یەکێتییـە و کاردەکات بـۆ پاراسـتن و جێبەجێکردنـی پەیـڕەوی ناوخـۆ و یەکڕیـزی و یـەک گوتـاری و یـەک هەڵوێسـتی سـەرجەم ئۆرگانـەکان، لـە نـاوەوەو دەرەوە و لـە بـەردەم دامـودەزگا حکومـی و یاسـاییەکاندا نوێنەرایەتی (ی.ن.ک) دەکات.

**دووەم:** ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیە و لـە کۆنگـرە هەڵدەبژێردرێـت.

**سێیەم:** سـیمبولی یەکڕیـزی و یەکگوتـاری یەکێتیـە لـە ناوخـۆو دەرەوەی یەکێتـی و بەرپرسـی یەکەمـە لـە پاراسـتن و بەهێزکـردن و گەشـەپێدانی یەکێتـی.

**ماددەی (٢٧):**

**یەکەم:** تەمەنی لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** نـاو و ناوبانگـی باشـبێت و شـارەزابێت لـە بواری سیاسەتدا.

**سێیەم:** لانیکـەم (١٠) دە سـاڵ خەباتـی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی لـە ریزەکانـی (ی.ن.ک)دا بـێ دابـڕان هەبێت.

**چوارەم:** بـە هیـچ تاوانێکـی ئابڕووبـەر بەشـەرەف حوکـم نەدرابـێ.

## هەڵبژاردنی سەرۆک:

**ماددەی (٢٨):**

**یەکەم:** سـەرۆکی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان لـە کۆنگـرە هەڵدەبژێردرێـت. ئەگـەر لـە کۆنگـرە تەنهـا یـەك پاڵێـوراو بـۆ پۆسـتی سـەرۆك هەبـوو، ئـەوکات بـە

دەنگدانــی ئاشــکرا هەڵدەبژێردرێــت.

**دووەم:** ئەگــەر دوو یــان زیاتــر لــە پاڵێوراوێــك بــۆ پۆســتی ســەرۆك هەبــوو ، بــە هەڵبژاردنــی نهێنــی و ئــازاد و بــە زۆرینــەی دەنگــەکان هەڵدەبژێردرێــت.

## ماددەی (٢٩):

**یەکـەم:** لەکاتــی ئامادەنەبونــی ســەرۆك، هەڤاڵێکــی ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی بــۆ راپەڕاندنــی کارەکان رادەســپێرێت.

**دووەم:** لەکاتــی پێشکەشــکردنی دەستلەکارکێشــانەوەی ســەرۆک، بەدەنگــی زۆرینــەی(٣\٢)ی ئەندامانــی ئەنجومەن پەســند دەکرێــت.

**سێیەم:** بـۆ جێبەجێکردنـی خاڵـی (دووەم) لـەم ماددەیە یـان (دروسـت بوونـی بۆشـایی) لـە پۆسـتی سـەرۆک لەبـەر هـەر هۆیـەک بێـت، مەکتەبـی سیاسـی لـە مـاوەی (٦٠) ڕۆژ دا سـەرۆکێکی تـر بـە کاتیـی بـۆ مـاوەی (٣-٦) مانـگ هەڵدەبژێرێـت.

**چـوارەم:** ئەگــەر لــە مــاوەی دیاریکــراوی بڕگــەی ســێیەمدا نەتوانــرا ســەرۆکێکی کاتیــی دیــاری بکرێــت،

کۆنگـــرەی نائاســـایی بـــۆ چارەســـەرکردنی پرســـی ســـەرۆك دەبەســـترێت.

## ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆک:

**ماددەی (٣٠):**

**یەکـەم:** بەرپرســـە لـــە دارشـــتن و جێبەجێکردنـــی بڕیـــار و سیاســـەتەکانی (ی.ن.ک) بەهەماهەنگـــی لەگـــەڵ مەکتەبـــی سیاســـی.

**دووەم:** ســـەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانـــی مەکتەبـــی سیاســـی دەکات، لەکاتـــی وەک یەکیـــی دەنگەکانـــدا دەنگـــی ســـەرۆک یەکلاکـــەرەوە دەبێـــت.

**سـێیەم:** بەرپرســـە لەسەرپەرشـــتی کردنـــی کاروبـــاری دارایـــی و پەیوەندییـــەکان و هـــەر کاروبارێکـــی تـــر کـــە بچێتـــە چوارچێـــوەی دەســـەڵاتەکانی.

**چـوارەم:** لەکـۆڕ و کۆبوونەوەکانـی (ی.ن.ک) لـە نـاوەوە و دەرەوە وڵات نوێنەرایەتـــی یەکێتـــی دەکات.

**پێنجـەم:** هەماهەنگـی لەنێـوان ئەنجومەنی سـەرکردایەتی و ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی (ی.ن.ک) و

ئەنجومەنــی پشــتیوانی دەکات.

**شەشەم**: ڕێکەوتنـە سیاسـییەکان لـە دوای پەسـندکردنیان لەلایـەن ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیەوە واژۆ دەکات.

**حەوتەم**: گشتاندن بۆ ڕێسا پەسندکراوەکان دەکات.

**هەشـتەم**: ڕاپۆرتــی سیاســی و ڕێکخراوەیــی ئامــادە دەکات و لــە کۆنگــرە و دیــداری یەکێتیــدا پێشکەشــی دەکات.

**نۆیـەم**: مەکتەبێــك بەنــاوی مەکتەبــی ســەرۆکی یەکێتــی دادەنرێــت، ئەرکــی ســەرەکی بەرێوەبردنــی ســەرجەم کاروبــاری ســەرۆکایەتی یەکێتییــە لــە بــوارە جیاجیاکانــی پەیوەســت بــە ئەرکــی ســەرۆکی یەکێتــی. بــە پەیــڕەوی کار پێکهاتــەو بەشــەکانی دیاریدەکرێــت.

**دەیـەم**: دامـەزراوە داراییـەکان (دامـەزراوەی خەرجییـەکان، داهــات، وردبینــی)، مەڵبەنــدی دیراســاتی گشــتیی، ناوەنــدی کاروبـاری یاسـایی لەگـەڵ سـەرجەم پەیوەندیـە کاریگەرییـەکانی بەغــداد و عــیراق بەگشــتی و هــەر پەیوەندییــەکی تــر کاریگـەری لەسـەر (ی.ن.ك) هەبێـت، ڕاسـتەوخۆ بەسـەرۆکەوە دەبەســترێنەوە.

**یـانزەیـەم**: لەنێــو ئەندامانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتیدا

وتەبێـژ دیاریـدەکات.

**دوانزەیەم**: فەرمانـی دامەزرانـدن لـە پۆسـت بـۆ ئەندامانـی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی و بەرپرســی یەکەمــی ســەرجەم دامــودەزگاو مەکتەبــەکان و بــۆردو بەشــە ســەرەکییەکانی مەکتەبـەکان و مەڵبەندەکانـی یەکێتـی دەردەکات.

**سیانزەیەم**: پارێــزەری ســامان و موڵــک و داهاتــی (ی.ن.ک) دەبێــت و نابێــت بــۆ بەرژەوەنــدی خــۆی یــان کەســوکارەکەی بەکاریــان بهێنێــت.

**چواردەیــەم**: ســەرۆك دەتوانێــت بەپێــی پێویســت نوسـینگەی تایبـەت بـە بـوارە جیاجیاکانـی وەك پێکهاتـەکان، کوردسـتانیانی تاراوگـە (دیاسـپۆڕا)، گەنجـان و ڕێکخراوەکانی تایبــەت بــە پێشــمەرگەو تێکۆشــەران (ڕێکخســتنە دێرینــەکان، زیندانیانــی سیاســی، کەمئەندامانــی ســەنگەر، پێشــمەرگە دێرینــەکان، پێشــمەرگە دێرینــە دانەبــڕاوەکان) یــان هــەر بوارێکـی تـر پێکبهێنێـت.

**پانزەیــەم**: ســەرۆک پارێــزەرو پابەنــدی پەیــڕەوی ناوخۆیــە، و بەرپرســیارە لەجێبەجــێ کردنــی.

**شانزەیەم**: هــەر ئــەرك و دەســەڵاتێکی تــر کــە لــەم پەیــڕەوەدا بــۆی دیــاری کرابێــت.

## وتەبێژ:

**ماددەی (٣١):**

**یەکـەم:** لەلایـەن سـەرۆکەوە لەنێـو ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی دیـاری دەکرێـت، تەنهـا کاری وتەبێـژی دەبێـت و هیـچ ئەرکێکـی تـری نابێـت.

**دووەم:** قسـەکەری فەرمـی یەکێتییـە و گوزارشـت لـەڕای فەرمـی یەکێتـی دەکات.

**سێیەم:** پێویستە زیاتر لە زمانێک بزانێت.

# بەشی حەوتەم:
## مەکتەبی سیاسی

### ماددەی (٣٢) پێناسە:

ئۆرگانێکـــی بـــاڵای ئەنجومەنـــی ســـەرکردایەتییە و ناوەنـدی بڕیاردانـی حیزبـە لـە سـەرجەم بـوارە جیاجیاکانـی پەیوەســـت بـــە یەکێتـــی و هەرێمـــی کوردســـتان و عیـــراق و جیهـان.

### ماددەی (٣٣) پێکهاتە:

**مەکتەبی سیاسی پێکدێت لە:**

**یەکەم:** سەرۆک.

**دووەم:** دوانـــزە بـــۆ چـــوارده (١٢~١٤) ئەندامـــی ئەنجومەنـــی ســـەرکردایەتی کـــە لەلایـــەن ســـەرۆکی

یەکێتییەوە پێشنیار دەکرێن و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەسەند دەکرێن.

**ماددەی(٣٤):**

جگە لە پۆستە سیادییەکان (کەسی یەکەمی یەکێتی لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمارو هەرێم)، سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێویستە خۆیان تەرخان بکەن و (متفرغ)بن بۆ کاری مەکتەبی سیاسی و حیزبی و نابێت هیچ پۆستێکیان لە دەرەوەی حیزب هەبێت.

## ئەرک و دەسەڵاتەکان:

**ماددەی (٣٥):**

**یەکەم:** بەپێی ئەجندای ئامادەکراوی کۆبونەوەکان، بڕیار لە مەسەلە گرنگە حیزبی و سیاسی و حکومیەکانی پەیوەست بە یەکێتی دەدات.

**دووەم:** لەکاتی دروست بوونی بۆشایی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەهەمان ئەو میکانیزمانەی بۆ

دانانیــان دیــاری کــراوە، شــوێنەکانیان پڕدەکرێتــەوە.

**سێیەم:** بەرپرســە لــە جێبەجێکردنــی بڕیــارو ڕاســپاردەکانی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی و ســەرۆک.

**چوارەم:** بەرپرسـە لـە داڕشـتن و جێبەجێکردنـی پـلان و بەرنامـەی هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردنـە گشـتییەکان.

**پێنجـەم:** داڕشــتنی بودجــەی ســاڵانەی ئــۆرگان و دامودەزگاکانــی (ی.ن.ک) دوای پێشــنیازکردنی لەلایــەن دامــەزراوەی خەرجییەکانــی یەکێتیــی نیشــتمانییەوە، لەلایــەن ســەرۆکی یەکێتییــەوە پەســەند دەکرێــت.

**شەشـەم:** جگــە لــە دەســەڵاتەکانی ئــەم ماددەیــە، مەکتەبــی سیاســی ئــەو دەســەڵاتانەی تــر بەڕێوەدەبــات، کــە لــەم پەیــڕەوەدا پێیــدراون.

**حەوتەم:**

١.لـە مانگێکـدا لانیکـەم دووجـار کۆبونـەوەی ئاسـایی خـۆی ئەنجـام دەدات.

٢.کۆبونــەوەی نائاســایی لەســەر داوای ســەرۆک یــان نیــوەی ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســی ئەنجــام دەدرێــت.

**هەشـتەم:** ســکرتاریەتێک بــۆ بەڕێوەبردنــی کارەکانــی مەکتەبــی سیاســی پێکدەهێنرێــت. ئــەم ســکرتاریەتە بــە

هەماهەنگــی لەگــەڵ مەکتەبــی ســەرۆکی یەکێتــی ئەرکــی رێکخســتنی کات و ئەجنداکانــی کۆبونــەوەکان و بەدواداچــون بــۆ بڕیــارەکان و داواکان و رێکخســتنی کۆنــوس وبڕیارەکانــی مەکتەبــی سیاســی دەگرێتــە ئەســتۆ.

# بەشی هەشتەم:
## مەکتەبەکان

**ماددەی (٣٦):**

**یەکـەم:** بەمەبەســتی ڕێکخســتن و بەڕێوەبردنــی کارو ئەرکــە ناوخۆیــی و دەرەکییەکانــی یەکێتــی، پەیکــەری یەکێتــی بــۆ حــەوت مەکتــەب دابــەش دەکرێــت.

**دووەم:** هــەر یــەک لــە (ناوەنــدی کاروبــاری یاســایی، مەڵبەنـدی دیراسـاتی گشـتی، مەکتەبـی سـەرۆک، دامەزراوە دارایــیەکان) ڕاســتەوخۆ بەســتراونەتەوە بەســەرۆکی یەکێتییــەوە، پێگــەو دەســەڵاتی مەکتەبییــان هەیــە.

**سێیەم:** مەکتەبەکانی یەکێتی بریتین لە:

١- مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال.

٢- مەکتەبی ڕێکخستن.

٣-مەکتەبی هەڵبژاردن.

٤- مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری.

٥-مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.

٦- مەکتەبی پەیوەندییەکان.

٧- مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران.

### ماددەی (٣٧):

**یەکەم:** ژمارەی ئەندامانی مەکتەب بەپێی پێویستی مەکتەبەکە دیاری دەکرێت، نابێت لەهیچ بارێکدا لە (٧) ئەندام تێپەڕ بکات.

**دووەم:** مەکتەبی سیاسی لەسەر دانانی لێپرسراوانی مەکتەبەکان، بەرپرسانی مەڵبەند و بۆردو بەشە سەرەکییەکان کە لەلایەن لێپرسراوی مەکتەبەکانیانەوە پێشنیار دەکرێن بۆ مەکتەبی سیاسی، ڕەزامەندی دەدات، پاشان لەلایەن سەرۆکەوە پەسەند دەکرێت.

**سێیەم:** لە کاتی وازهێنان یان لەکار دابرانی لێپرسراوو ئەندامی مەکتەبەکان بەبێ پاساوێکی ڕەوا بۆ زیاتر لە (٤٥) ڕۆژ، بەهەمان میکانیزمی دانانیان جێگەیان پڕ دەکرێتەوە.

## مەکتەبی ڕێکخستن:

**ماددەی (٣٨):**

**یەکەم:** ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخستن لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم:** بەدەر لە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٣٧) لەم پەیڕەوە، بەهۆی تایبەتمەندی مەکتەبی ڕێکخستن و سروشتی کارو ئەرکەکانی، دەکرێت ژمارەیەک ئەندام مەکتەبی هەبێت کە لە (١١) یانزە ئەندام تێپەڕ نەکات.

**ماددەی (٣٩):**

مەکتەبی ڕێکخستن بە پێی پێویست مەڵبەند لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم و عێراق دەکاتەوە.

**ماددەی (٤٠):**

مەکتەبی ڕێکخستن لە کۆنفرانسی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی خۆیدا، سنور و شێوازی کارو پەیکەرو

ئـەرک و دەسـەڵاتی ئۆرگانـە جیاوازەکانـی بەرەچاوکردنـی ناوەندەکانـی تۆمـاری دەنگـدەران دیاریـدەکات.

## مەڵبەند:

### ماددەی (٤١):

**یەکـەم:** باڵاتریـن ئۆرگانـی (ی.ن.ک)ە لـە سـنورێکی جوگرافـی دیاریکـراودا.

**دووەم:** ئەنجومەنـی مەڵبەنـد بەرزتریـن دەسـەڵاتە لـە مەڵبەنـددا و ئەرکـی جێبەجێکردنـی نەخشـەی گشـتی چالاکیەکانـی (ی.ن.ک)ی دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

**سێیەم:** مەڵبەند (٣) سێ جێگری دەبێت.

**چـوارەم:** سـەرجەم پێکهاتەکانـی تـر مەڵبەنـدا و پلـەو ژمـارەکان بـە پەیـڕەوی کار لەلایـەن مەکتەبـەوە ڕێکدەخرێـت و لـە مەکتەبـی سیاسـی پەسـەند دەکرێـت.

## مەكتەبی پەیوەندییەكان:

### ماددەی (٤٢):

**یەكـەم:** بەرپرسـە لەدروسـتكردن و پتەوكردنـی پەیوەندییەكانـی (ی.ن.ک) لەگـەڵ پـارت و لایەنـە سیاسـیەكان و ڕێكخـراوە ناوخۆیـی و نێودەوڵەتییـەكان، بەمەبەسـتی لۆبیكـردن و بەهێزكردنـی پێگـەی (ی.ن.ک) لەسـەر ئاسـتی كوردسـتان و عیـڕاق و دەرەوی وڵات.

**دووەم:** كەسـانی پسـپۆڕ لـە پەیوەندییـەكان و زمانـزان كار لـەم مەكتەبـەدا دەكـەن.

**سێیەم:** لە دوو بەش پێك دێت:

١. پەیوەندییە كوردستانییەكان.

٢. پەیوەندییەكانی دەرەوە.

**چوارەم:** بـە پەیـڕەوی كار پێكهاتـەو ژمـارەی ئەندامـان و ئەركەكانیـان دیـاری دەكرێـت.

## مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری:

**ماددەی (٤٣):**

لە دوو بۆرد پێکدێت:

**یەکەم:** ڕاگەیاندن(ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا).

١-(چاپەمەنی، پەخش، میدیای نوێ) دەگرێتەوە.

٢-بـۆردی ڕاگەیانـدن چەتـری کۆکـەرەوەی کەناڵەجیاجیاکانـی ڕاگەیانـدن دەبێـت، کـە یەکێتـی پێداویسـتییە ماددییەکانیـان دەسـتەبەر دەکات.

٣-دانانـی ئەنـدام مەکتەبەکانـی لەسـەر بنەمـای پسـپۆڕی لـە بـواری کاری خۆیانـدا دەبێـت.

٤-کار بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی ڕاگەیاندنـی یەکێتـی لـە نـاوەوەو دەرەوە دەکات.

٥-دەسـەڵاتی دەرکردنـی ڕۆژنامـە و ڕۆژنامـەی ئەلکترۆنـی و گۆڤـار و کردنـەوەی کەناڵـی بینراو و بیسـتراوی لەنـاو هەرێـم و کۆمـاری عیراقـی فیـدراڵ و دەرەوەی وڵاتـدا هەیـە بەپێـی یاسـا.

**دووەم:** هۆشیاری:

١-پێکدێت لە:

أ-بەشی ئەرشیف و مێژوو.

ب-چالاکیە رۆشنبیری و هونەرییەکان.

٢- دانانــی ئەنــدام مەکتەبەکانــی بــۆردی هۆشــیاری لەســەر بنەمــای پســپۆڕی و توانــا و لێوەشــاوەیی دەبێــت.

## مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان:

**ماددەی (٤٤):**

**یەکەم:** لە دوو بەش پێکدێت:

١-جەماوەرییەکان.

٢-پیشەییەکان. کە تایبەتە بە پیشە جیاجیاکان.

**دووەم:** بەرپرســە لــە دارِشــتنی سیاســەتی یەکێتــی ســەبارەت بــە رێکخــراوە جەمــاوەری، پیشــەیی و حیزبییــەکان.

**سێیەم:** پێویســتە لەســەری بەشــداری و رێنوێنــی ئــەو کارو چالاکیانــە بــکات کــە خزمــەت بــە کۆمەڵــگای مەدەنــی

و (ی.ن.ک) دەکــەن.

**چـوارەم:** بەپەیــڕەوی کار پێکهاتــەی مەکتــەب و بــەش و ســێکتەرەکانی دیــاری دەکرێــت.

## مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران:

**ماددەی(٤٥):**

لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت:

١- شەهیدان و جینۆسایدو ئەنفال.

٢- تێکۆشەران.

**ماددەی(٤٦):**

بەپەیــڕەوی کار، کاروبــاری ناوخۆیــی و بەشــەکان و ئەرکەکانــی ڕێکدەخرێــن.

## مەکتەبی هەڵبژاردنەکان:

**ماددەی (٤٧):**

پێکدێت لە:

**یەکەم:** لێپرسراوی مەکتەب، پێویستە شارەزای تەواوی لە بواری هەڵبژاردندا هەبێت.

**دووەم:** لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت:

١-پەیوەندییە گشتییەکان.

٢- کارگێڕی و هەڵبژاردن.

**سێیەم:**

١ - بەپێی پێویست سەنتەرەکانی هەڵبژاردن لە ناوچەکانی تری کوردستان و عیراق دەکاتەوە.

٢-رێکخستنی هەیکەلی ئەندامانی مەکتەب و سەنتەرەکانی لەسەر بنەمای تواناو شارەزایی لە بواری هەڵبژاردن و تەکنەلۆژیای هەڵبژاردن دەبێت و بەشەکانی هاوشێوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دادەنرێت. لێپرساوی بەشەکان لەلایەن لێپرساوی مەکتەبی هەڵبژاردن پێشنیار دەکرێن و لەلایەن سەرۆکی یەکێتیەوە پەسەند دەکرێت.

**چوارەم:** ئەرکەکانی مەکتەبی هەڵبژاردن:

١-بەرنامە و پلانی هەڵبژاردنە گشتییەکان دادەڕێژێت و ئامادەیان دەکات بۆ پەسەندکردنیان لە مەکتەبی سیاسی، هەروەها سەرپەرشتی هەڵمەت و پرسەکانی هەڵبژاردنەکان دەکات.

٢-سەرپەرشتی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئۆرگانەکان و ڕێکخراو و سەندیکاکانی (ی.ن.ک) دەکات.

## دامەزراوە داراییەکان:

### ماددەی (٤٨):

دارایی یەکێتی پێکدێت لەم دەستەو دامەزراوانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دامەزراوەی داهات.

**دووەم:** دامەزراوەی خەرجییەکان.

**سێیەم:** دەستەی ووردبینی، کە دەستەیەکی سەربەخۆیە و تایبەتە بە ووردبینی کردنی هەردوو دامەزراوەی (داهات وخەرجیەکان)، لە پسپۆڕانی تایبەتی ئەم بوارە پێك دێت و راپۆرتەکانی راستەوخۆ بۆ سەرۆکی یەکێتی بەرز دەکاتەوە.

## ماددەی (٤٩):

**دامەزراوەی داهات:**

**یەکەم:** دەزگایەکی تایبەتمەندە بە کۆکردنەوەی هەموو داهاتەکانی (ی.ن.ك) لە سەرچاوە جیاوازەکانی وەك ئابونە، هاوکاری...هتد.

**دووەم:** راستەوخۆ بە سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبەسترێتەوە.

**سێیەم:** سەرۆکی دامەزراوەکە لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەوە دادەنرێت.

**چوارەم:** ئەرکی سەرۆکی دامەزراوەکە دانانی پلانی ساڵانەو جێبەجێکردنییەتی، پاش وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکی یەکێتی.

## ماددەی (٥٠):

**دامەزراوەی خەرجییەکان:**

**یەکەم:** دەزگایەکی تایبەتمەندە بەخەرجکردنی بودجەی بەڕێوەبردن و بودجەی پەرەپێدان و هەموو خەرجییەکان (ی.ن.ك).

**دووەم:** دامـەزراوەی خەرجییـەکان راسـتەوخۆ بەسـتراوەتەوە بـە سـەرۆکی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتانەوە.

**سێیەم:** سـەرۆکی دامەزراوەکـە لەلایـەن سـەرۆکی یەکێتییـەوە دادەنرێـت و بەرپرسـە لـە دانانـی پەیکـەرو پەیـڕەوی کار بـۆ دامەزراوەکـەو لـە لایـەن سـەرۆکی یەکێتییـەوە پەسـەند دەکرێـت.

**چوارەم:** سـەرۆکی دامەزراوەکـە هەڵدەسـتێت بـە دانانـی پلانـی سـاڵانەو جێبەجێکردنـی، پـاش وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی سـەرۆکی یەکێتـی.

**پێنجەم:** دانـان و لادانـی سـتافی ژمێریـاری سـەرجەم ئۆرگانەکانـی یەکێتـی بەرپرسـیارێتی دامـەزراوەی خە رجییە کا نــە .

### ماددەی (٥١):

بـە پەیـڕەوی کار پەیکـەری ناوخۆیـی و شـێوازی کارکردنـی دەسـتەی وردبینـی دادەڕێژرێـت و لەلایـەن سـەرۆکی یەکێتییـەوە پەسـەند دەکرێـت.

## مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆک مام جەلال:

**ماددەی (٥٢):**

**یەکـەم:** مەکتەبێکـی سـەرەکی یەکێتییـە، کار دەکات بـۆ بەزینـدوو هێشـتنەوەی کلتـوری سیاسـی و حیزبـی و مێژوویـی و رۆشـنبیری سـەرۆك مـام جـەلال و پەرەپێدانـی ئـەم کلتـورە فراوانـە لـە ناوخـۆو دەرەوەی یەکێتـی و کوردسـتان و عیـراق و جیهـان لـە سـەرجەم بوارەکانـی کۆمەڵـگادا.

**دووەم:** سـەرجەم کارەکانـی پێشـوی سـکرتارییەتی سـەرۆك مـام جـەلال رادەپەڕێنێـت.

**سێیەم:** یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان بـە مەکتەبـی سـکرتاریەتی سـەرۆك مـام جـەلال دەبەسـترێتەوە.

**چـوارەم:** بەشـی بۆنـەو رێورەسـمەکان (پرۆتۆکـۆڵ)ی یەکێتـی بـە مەکتەبـی سـەرۆك مـام جـەلال دەبەسـترێتەوە.

**پێنجـەم:** بـۆردی وەرزشـی بـە مەکتەبـی سـکرتارییەتی سـەرۆك مـام جـەلال دەبەسـترێتەوەو لەگـەڵ پێکهاتەکـەی رێکدەخرێتـەوە.

**شەشـەم:** بــە پەیــڕەوی کار، کارەکانــی ناوخــۆی ڕێکدەخــات و لــە لایــەن ســەرۆکەوە پەســەند دەکرێــت.

## ناوەندی کاروباری یاسایی:

### ماددەی (٥٣) پێناسە:

دامــەزراوەی ســەرەکی یاســایی یەکێتییــە و داکۆکیــکارە لــە مافــی کادیرانــی یەکێتــی لــە ســەرجەم ئۆرگانــە ناوخۆییەکانــی حیــزب و دامــودەزگا یاســاییەکانی دەرەوەی یەکێتیــی.

### ماددەی (٥٤) پێکهاتە:

١- لێپرسراوێکــی دەبێــت کــە لەلایــەن ســەرۆکی یەکێتییــەوە دیــاری دەکرێــت.

٢-لــە پســپۆڕان و ئەزمونگەرانــی بــواری یاســایی پێکدێــت کــە پســپۆڕییان لــەم بــوارەدا لــە ١٠ ســاڵی بــەردەوام کەمــتر نەبێــت.

**ماددەی (٥٥):**

**ئەرکەکانی:**

**یەکـەم:** بەرپرسـە لـە ئاراسـتەکردنی پارێـزەران و مافپەروەرانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە سـەرجەم ئۆرگانەکانیـدا.

**دووەم:** بـۆ هەر پرسـێکی یاسـایی پەیوەندیـدار بەکاروباری حیـزب، نوێنەرایەتی یاسـایی سـەرجەم ئۆرگانەکانـی (ی.ن.ک) دەکات.

**سـێیەم:** بەدواداچـون بـۆ ئـەو کێشـە کۆمەڵایەتییانـەی هەڤاڵانـی یەکێتـی دەکات کـە ڕەهەنـدی یاسـاییان هەیـە و راسـپاردەی یاسـایی بـۆ سـەرۆکی یەکێتـی دەربارەیـان بـەرز دەکاتـەوە.

**چـوارەم:** بەرپرسـە لـە شـیکردنەوەو ڕاڤەکردنـی مادەکانـی پەیـڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی و دەرئەنجامـەکان بـۆ سـەرۆك و مەکتەبـی سیاسـی بـەرز دەکاتـەوە.

**پێنجـەم:** سـکاڵاو تانـەی هەڤاڵانـی یەکێتـی لەسـەرجەم ئۆرگانـە جیاجیاکانـی یەکێتـی سـەبارەت بـە پێشـێلکردنی پەیـڕەو وەردەگرێـت ، دوای بەدواداچونـی یاسـایی پێویسـت

دەرئەنجامەکان بۆ سەرۆکی یەکێتی بەرز دەکاتەوە.

**شەشەم:** دەتوانێت بە پێی پێویست چەند دەستەیەکی جیاجیا بۆ رێکخستنەوەی کارەکانی پێکبهێنێت .

**حەوتەم:** بە پەیڕەوی کار، کارە ناوخۆییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە رێکدەخات، لەلایەن سەرۆکەوە پەسەند دەکرێت.

## مەڵبەندی دیراساتی گشتی:

### ماددەی (٥٦):

**یەکەم:** لێپرسراوێکی دەبێت کە لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەوە دیاری دەکرێت.

**دووەم:** کاری سەرەکی پێشکەش کردنی توێژینەوەو پەیپەرو و پێشنیار و پلان و پرۆژەیە لە مەسەلە جیاجیاکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە باڵاو ستراتیجییەکانی یەکێتی و هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکی یەکێتی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

**سێیەم**: توێژینــەوەی ئەکادیمیانــەو هەڵســەنگاندن بــۆ ئــەو دەرفــەت و کێشــەو هەڕەشــانە دەکات کــە پەیوەســتن بــە بەرژەوەنــدی بــاڵاو یەکریــزی ناوخــۆی یەکێتیــەوە و وەك پێشــنیار پێشکەشــی ســەرۆکیان دەکات.

**چــوارەم**: ئەرکــی پەرەپێدانــی توانــای کادیرەکانــی یەکێتیــی لــە ســەرجەم بــوارە حیزبــی و حکومــی و ڕێکخراوەییــەکان دەگرێتــە ئەســتۆ.

**پێنجــەم**: بەسەرپەرشــتی ســەرۆکی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان هەڵدەسێت بــە ئاراســتەکردنی ئاکادیمســتکارانی یەکێتــی و دروســتکردنی پەیوەنــدی و هەماهەنگــی بەهێــز لەگــەڵ ئەکادیمیــان و ناوەندەکانــی خوێندنــی بــاڵاو ســەنتەرەکانی توێژینــەوەی زانســتی لــە ناوخــۆ و دەرەوەی هەرێــم و کوردســتان و عیــڕاق.

**شەشــەم**: ســتافی ســەرەکی مەڵبەنــد لــە ئەکادیمیســتان و پســپۆڕانی یەکێتــی پێــک دێــت کــە تایبەتــن بــە بــوارو ئەرکەکانــی مەڵبەنــدی دیراســات.

**حەوتــەم**: پەیکــەرو بەشــەکانی بەگوێــرەی پەیــڕەوی کار ڕێکدەخــات و پێشکەشــی ســەرۆکی یەکێتــی دەکات بــۆ پەســەندکردنی.

# بەشی نۆیەم:

## ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی

### ماددەی (٥٧): ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی:

ئۆرگانێکی باڵای یەکێتییە. ئەرکی ڕێنماییکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی ترە بۆ سەرجەم مەسەلە باڵاو سیاسی و ستراتیجییەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی.

### ماددەی (٥٨):

**یەکەم:** ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی پێویستە لە (٩) هەڤاڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** لێپرسراوێکـی دەبێـت کـە لەلایـەن سـەرۆکی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دادەنرێـت.

**سێیەم:** سـەرۆکی یەکێتـی پـاش کۆنگـرە، بەراوێـژ لەگـەڵ لێپـرسراوی ئەنجومـەن، ئەندامانـی ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی دیاریـدەکات.

**چوارەم:** لێپـرسراو وئەندامانـی ئەنجومـەن نابێـت تەمەنیـان لـە (٥٠) سـاڵ کەمـتر بێـت.

**پێنجەم:** بودجەیەکـی مانگانـە و بـارەگاو سـتافی بەڕێوەبردنـی خـۆی دەبێـت، لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی دارایـی یەکێتـی، بودجـە بـۆ ئەنجومەنەکـە دیـاری دەکرێـت.

## ئەرک و دەسەڵات:

### ماددەی (٥٩):

١. لێپـرسراوی ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی دەتوانێـت پـڕۆژەو پرسـەکانی پەیوەسـت بـە بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ئاراسـتەی سـەرۆکی یەکێتـی بـکات.

٢. لــە کاتــی بوونــی بابەتــی هەســتیار و پەیوەســت بــە بەرژەوەنــدی بــاڵای یەکێتــی، بــە بڕیــاری ســەرۆك و بەراوێــژ لەگــەڵ لێپــرسراوی ئەنجومــەن، مەکتەبــی سیاســی و ئەنجومەنــی بەرژەوەندییــە باڵاکانــی یەکێتــی، لیژنەیەکــی هاوبــەش بــۆ تاوتوێکردنــی بابەتــەکان پێــك دەهێنرێــت.

٣. لێپــرسراوی ئەنجومەنــی پاراســتنی بەرژەوەندییــە باڵاکانــی یەکێتــی پــاش ڕەزامەنــدی ســەرۆك و ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی بــە زۆرینــەی دەنگــی ئەندامانــی ئەنجومــەن، دەتوانێــت هــەر بابەتێــك و پرسـێك بخاتــە نێــو خشــتەی کاری کۆبوونەوەکانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتییەوە، دەتوانێــت نوێنەرێکــی ئەنجومەنەکــەی بنێرێــت بــۆ بەشــداریکردن لــە کۆبونەوەکــە بــۆ هەمــان بابــەت کــە داواکــراوە لەلایــەن ئەنجومەنــی پاراســتنی بەرژەوەندییــە باڵاکانــی یەکێتییــەوە.

٤. بــە ســوودوەرگرتن لــە ئەزمــوون و توانــای هەڤاڵانــی ئەنجومەنــی پاراســتنی بەرژەوەندییــە باڵاکانــی یەکێتــی و بەمەبەســتی بــەرەو پێشــبردنی سیاســەتی گشــتی تایبــەت بــە پەیوەندییــە گشــتییەکانی یەکێتــی، لێپــرسراوی

ئەنجومـەن دەتوانێـت دوای ڕەزامەنـدی سـەرۆکی یەکێتـی بەشـداری شـاندەکانی دانوسـتاندن بـکات.

٥. لێپـرسراوی ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی سـەرنج و بۆچونەکانـی ئەنجومـەن سـەبارەت بـە دۆخـی دامەزراوەکانـی یەکێتـی بـە نـوسراوی فەرمـی یـان بەکۆبونـەوە ئاراسـتەی سـەرۆکی حیـزب دەکات.

٦. ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی ڕۆڵـی لـە پاراسـتنی تەبایـی و یەکخسـتنی ڕیزەکانی یەکێتـی لەسـەرجەم ئۆرگانەکانـی حیزبـدا دەبێـت.

٧. لـە کاتـی نەمانـی هـەر ئەندامێکـی ئەنجومەنـی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی بـە هـەر هۆیـەك بێـت، سـەرۆکی یەکێتـی بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ لێپـرسراوی ئەنجومەنەکـە شـوێنەکەی پـڕ دەکاتـەوە.

٨. لـە کاتـی بوونـی بۆشـایی، هـەر ئەندامێکـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی مافـی داواکردنـی گواسـتنەوەی بـۆ ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی بـە ڕەزامەنـدی سـەرۆکی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و لێپـرسراوی ئەنجومەنەکـە هەیـە.

# بەشی دەیەم:
# ئەنجومەنی پشتیوانی یەکێتی

## ماددەی (٦٠): ئەنجومەنی پشتیوانی یەکێتی

**یەکەم:** ئـەم ئەنجومەنـە لـە ئەندامانـی خولـی پێشـوی سـەرکردایەتی و تێکۆشـەران و گەنجانـی یەکێتـی دروسـت دەکرێـت، سـکرتێرو جێگرەکانـی ئەنجومەنەکـە و ئەندامەکانـی لـە لایـەن سـەرۆکەوە بەرەچـاو کردنـی جوگرافیـا، تایبەتمەنـدی و پسـپۆڕی دیـاری دەکرێـن، ژمارەیـان لـە (١٠٠) سـەد ئەنـدام تێپەرنـاکات.

**دووەم:** ئەرکـی ئـەم ئەنجومەنـە چاودێریکردنـی کاری مەکتەبەکانـی یەکێتـی دەبێـت، راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بەسـەرۆکە دەبێـت و راپۆرتەکانـی بـۆ ئـەو بەرزدەکاتـەوە.

**سێیەم**: ئەندامانــی ئــەم ئەنجومەنــە هیــچ پۆســتێکیان لــە نێــو ئۆرگانەکانــی تــری یەکێتیــدا نابێــت.

**چوارەم**: ئەنجومەنەکــە پاڵپشــتی ســەرۆك و ســەرکردایەتی یەکێتــی دەبێــت لــە جێبەجێکردنــی سیاســەت و بڕیارەکانــی پەیوەســت بــە یەکێتییــەوە.

**پێنجەم**: ســەرۆك بــۆی هەیــە بەپێــی پێویســت ئــەرك و کاری حیزبــی جیــا جیــا بــە ئەندامانــی ئەنجومەنەکــە بســپێرێت.

شەشــەم: بەهــاوکاری ناوەنــدی کاروبــاری یاســایی پەیــڕەوی کار بــۆ بەڕێوەبردنــی کاری ڕۆژانــەو ناوخۆیــی خۆیــان دادەڕێــژن، پــاش ڕەزامەنــدی ســەرۆك، لــە مەکتەبــی سیاســی پەســەند دەکرێــت.

# بەشی یانزەهەم:
# حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (٦١):**

پێویستە رێژەی ژنان لە کۆی گشتی هەر سێ (٣) ئەنجومەنەکەی (ی.ن.ك) لە (٢٥٪) کەمتر نەبێت. ئەمەش دوای پەسندکردنی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٦٢):**

سەرجەم ئەندامانی (ی.ن.ک) لەو ئۆرگانانەی لە خوارەوە دیاریکراون فۆرمی بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان پێشکەش بە ئۆرگانی پەیوەندیدار دەکەن:

١-ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٢-ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە

باڵاکانــی یەکێتــی.

٣-ئەندامانی ئەنجومەنی پشتیوانی یەکێتی.

**ماددەی (٦٣):**

دوای ماوەیـەک، کـە لـە (٦) مانـگ کەمتر نەبێـت و بەپێی پێویسـت بڕگەکانـی ئـەم پەیـڕەوە لەلایـەن لیژنـەی پسـپۆری پەیوەندیـداری یەکێتـی کـە سـەرۆک دیاریـدەکات، لەسـەر داوای سـەرۆکی یەکێتـی یـان (٣١) هەڤاڵـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی و بـە پەسـەندکردنی (٤\٣)ی دەنگـی ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی، بـێ دەسـتکاریکردنی بنەمـا گشـتییەکان هەمـوار دەکرێتـەوە.

**ماددەی (٦٤):**

ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی و ئەنجومەنـی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی یەکێتـی و ئەنجومەنـی پشـتیوانی و کادیرانـی پێشـکەوتوو، نابێـت دەسـەڵاتی حیزبـی بـۆ هیـچ چالاکییەکـی بازرگانـی و ئابـووری بەشـێوەی تـاک یـان هاوبـەش، بـۆ خۆیـان یـان کەسـی نزیکیـان بـەکار بهێنـن.

## ماددەی (٦٥):

سـەرجەم مەکتـەب و ئۆرگانـەکان، لەلایـەن لیژنەیەکـی پسـپۆڕی ناوەنـدی کاروبـاری یاسـاییەوە پەیـڕەوی کاری خۆیـان ئامـادە دەکـەن و لەلایـەن سـەرۆکە پەسـەند دەکرێـن.

## ماددەی (٦٦):

سـەرجەم ئەندامانـی ئۆرگانـەکان تەنهـا پابەنـدی ئـەم پەیـڕەوە دەبـن و کار بـۆ جێبەجێکردنـی دەکـەن.

## ماددەی (٦٧):

ئـەم پەیـڕەوە لـە ڕۆژی پەسـەندکردنییەوە جێبەجـێ دەکرێـت.